

# شوناسی کاراکتەری پاڵەوان لە(کورسی)یەکەی (شێرکۆ بێکەس)دا

دڵشاد مستەفا

## بەرایی:

دەشێت پێنانە ناو دنیای تێکستێکی والأوە بەشی خۆی مەترسیداربێت بەتایبەت کە لەمێژووی رەخنەی ئەدەبی ئێمەدا هەنگاوی وا نەبووە یان ئاکامی شکست بووەو رەنگە کەمیان دەربازبووبن. بۆیە کاتێك لەبەردەم هەژموونی زمانو پێکهێنانو واژەو ماناکانی (کورسی)دا دەوەستی، کاریگەری ئەفسونێکی بەسەرتەوە دەبێت، ئەوا بتەوێت یان نا، بهێڵیت یان نا لەنێو یادەوەرییتدا قورسایی ئارکۆلۆجستێکی هەیەو ئەو سیفەتەش لەخۆدەگرێ. بۆیە بۆ هەر لەمپەرێکی وەرگر ئەو کلیلەکانی ئامادەنو قفڵە باڵ ئەستورەکانیش بەسانایی دەکاتەوە. ئەم هەوڵە، روانینێکی سادەیە بۆ بوونیادی کاراکتەر ئەودەمەی دەبێتە شقڵی سەرەکیو رۆحی تێکست. رەنگە درککردنی قۆڵتر هەبێتو دەربازو رێبازی گەلێك ئاڵۆزتر هەبن. بچنە قولأییەکانی ئەم تێکستەوە، بەلأم دەشێت لەم نیگا ساکارانەش بێبەشی نەکەینو لێگەڕێین بەکام ئاقاردا دەڕوات ئازاد بێت.

بۆ دەربازبوون لەڕەوتی ئەو خۆ بەدوورگرتنەی لەنێو رەخنەی ئێمەدا دەربارەی قسەکردن لەسەر تەکنیکەکانی تێکست بەردەوامە، دەبێت بەناو وردەکاریو قولأییەکانی ساتی بەرهەمهێنانو سەرجەمی ئەو بەکاربردنەدا بچینەوە کە بەرهەمێن (نووسەر) لەپێکهاتەی تێکستێکدا مامەڵەیان پێ دەکات. بەتایبەت نەچوونە دەرەوە لەچوارچێوەی تێکستەکە بەمەبەستی خواستن لەمێژووی نووسەر. چونکە ئەوکاتە ئەو



بنەما تیۆرییە هەڵدەوەشێتەوەو زەمینەی کارکردن تەسك دەبێتەوە بۆ بەراوردکردن لەنێوان ساتی بەرهەمهێنان و مێژووی کردارەکانی بەر لەو کە ئیدی وەك لەهەموو هەوڵەکانی تری بەر لەخۆی لێدێت و شقڵی جیاوازبوونی پێوە نامێنێ.

هەنگاونان لەو رەوتەدا فرە هەستەوەرەو بواری جیاواز جیاواز دەگرێتەوەو تا رادەیەك دەمانباتە بەردەم ونبوون لەناو دەهلیزەکانی ئەندێشەی بەرهەمهێن و ئەو رۆشنبیرییەی پاڵپشتێتی، وریایی لێرەدا دۆزینەوەی ئەو تەنها رێگەو دەربازە تیوارییەیە کە لەنێوان مێژووی بەرهەمهێن و ئەو ساتەدا درێژدەبێتەوە. بەلأم کە چوینەوە بەردەم راڤەکانی مانا ئەو جیاوازیکردنە بەهێندی قورسایی تێکستەکە ئەستەم دەبێت.

ئەمە رێ لەوە ناگرێ کە رەخنە شوێن ستایلێ بکەوێ، ئەوەی لەئەزمونێکی کەم وێنەو بەردەوامدا فەراهەم دەبێت. کە رەنگە زمان و گوزارشت و قیمەو بەهاو تێکرای بەکارهاتووەکانی‌تر لەنێو کۆگەیەکی یەك تۆنیدا کۆبکاتەوەو بیانکاتە رەهەندی ناسینەوەی دەسەلأتی خۆی لەنووسیندا. رەنگە ئەو هەولأنە هێند گران نەبن تا ئەودەمەی لەبەردەم تێکستێکی نامەئلوفدا دەبیت و دەتەوێت ئەو هەموو کۆتە بشکێنی کە فانتازیاکانی مانا دروستی دەکەن و بەشێوەیەك گیرۆدەیان دەبی ئەستەمە خۆت پێ دەربازبکرێت.

ئەم گریمانە وەك خۆی بەسەر تێکستی (کورسی) (شێرکۆ بێکەس)دا جێبەجێ دەبێت. تێکستێکی فرە رەهەندو فرە مانا هاوکات فرە تەکنیك.


گرفتی رەخنە لەبەردەم (کورسی)دا گرفتی گەڕانە بەنێو تەکنیکەکانی ئەو ژانرە ئەدەبیە جیاوازانەی تێکستێکی والأی لەو جۆرە پێك دەهێنن. ئەوکاتە رەخنە دەتوانێ بەکەرەسەکانی خۆیەوە تێکەلأوی ببێت کە بزانێ لەکام دەرگاوە ئامبازی بێت و لەکوێوە یەکەم نیگاو روانین دەست پێبکات. چونکە سەرجەمی ژانرەکان پێکرا دەتوانین لەبۆتەی یەکێکیاندا بەوریایی بناسین و دواتر لێیان گەڕێین بەئازادی خۆ یان مامەڵە لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی وەرگردا بکەن.

تێکستێك لەسەر بنەمای یادەوەری ئەو کاراکتەرانە بنیات نراوە کە لەنێویدا دێن و دەچن کەواتە بەشێکی گەورەی شوناسی کورسی شوناسی کاراکتەرە، مێژووی کورسی مێژووی کاراکتەرە بەسەرجەم رەهەندەکانیەوە. ئەو دەمەی لەدیدی شانۆوە دەچیتە بەردەم ئەم تێکستە دەتوانی بەرجەستەبوونی کاراکتەر بەجۆراوجۆرترین پێودانگەکان ببینی. گەر وەك روانینی رەخنەی کلاسیکیش بۆ کاراکتەری شانۆیی و رەهەندەکانی تەماشا بکەیت بەسانایی ئەو رەهەندە سروشتی و کۆمەلأیەتی و دەروونیانە دەبینی کە مەرجی ئەندازەی بوونی کاراکتەرو چۆنێتی دارشتنیەتی.

**ڕەهەندی سروشتی کورسی:**

سەرجەمی وەسفی سروشتییەکانی کورسی هەمان ئەو پێودانگانەن کە لەتەکنیکی شانۆدا نوسەرێکی بالاّ دەتوانیٚ بەوردییەوە جێیان بکاتەوە. ئەو سیماو پێکهاتەیەی سروشتو رواڵەتی کورسی لەو تێکستەدا دەناسێنیٚ تەواو ئەوانەیە کە لەمیانەی تێکستێکی درامیدا دەیبینیو هەندێك جار هەنگاوێکی زیاتریشی دەچێتە سەر چونکە ژانرە جیاوازەکان ئەو بواری وەسفە دەدات بە(شێرکۆبێکەس) بۆ نموونە لەتەقلیدیترین ناسنامەیدا وەسف یەکێکە لەپانتاییەکانی شیعرو رۆمانو نووسەری ئەو ژانرانە دەست والآترە لەنوسەری تێکستی شانۆیی. لەزۆر پەرەگرافی ئەو تێکستەدا دەتوانی رەهەندە سروشتییەکان بناسی بەلاّم لەم هێڵکارییەدا نموونەی دەبینی.

**ڕەهەندی سروشتی کاراکتەر**




**ڕەهەندی کۆمەلاّیەتی (سۆسیۆلۆجی) کورسی:**

ئەو کاتەی نووسەر تەواوی ژنیگەو نەسەبو چوارچێوەی ژیانی کاراکتەر دەناسێنیٚ گەلێك باشتر وەر گر لەگەلٚ خۆی دەباتو دەتوانیٚ پەیوەندییەکی تۆکمەتری لەگەلٚ تێکستدا بۆ دروست بکات. ئەمەش لەوێوە سەرچاوە دەگریٚ کە خودی نوسەر کاراکتەرەکەی باش دەناسیٚ. شێرکۆ (کورسی) ئەوەندە بەباشی دەناسیٚ کە هەموو مێژووی ژیانی ئەوی لەبەرە، بەمانایەکیتر بەخواستنی گوزارشتێك لەخودی تێکستەکەوە دەتوانین بڵێین ئەم هەردوو خواوەندەکەیەتی هەم سروشتو هەم خوای دارتاشو لەوان بالآدەست ترە لەناسینی کورسیدا چونکە ئەوانی دی یەکەمیان لەقۆناغی درەخت بووندا دەیناسیٚو دووەمیان تا ئەو ساتە پەیوەندی لەگەڵیدا بەردەوامە کە ژینگەی ئەو بەجیٚ دەهێڵیٚ، وەلیٚ شێرکۆ دوا ساتەکانی چارەنووسو نووسینەوەی وەسێتەکەشی هەر لەگەڵیدا دەژی. بۆیە رەهەندە کۆمەلاّیەتییەکانی بەم شێوەیە دەناسێنیٚ:

**ڕەهەندی کۆمەڵایەتی**

| خانەوادە | پەیوەندی کۆمەڵایەتی | پلەوپایەی کۆمەڵایەتی |
| --- | --- | --- |
| نەجیب زادەیە | باوەشی بۆ هەموو کەسێ والآیە | کورسی شاعیر |
| کوڕی کوڕی دار گوێزێکی نەقشبەندی بەناوبانگی هەورامانە | لەو وەختەوەی لەشاردایە هەزاران کەسی ناسیوە | کورسی عەرزوحاڵ نوس |
| | | کورسی شۆڕشگێڕ |


ئەمانە دێنە نێو هێڵکارییەکانەوە بەشێکی کەمن لەو ئاماژانەی ئەو تێکستەی بارگاوی کردووە بەشوناسێکی جیاوازو وەك تەنها ژانرێك نایهێڵێتەوە.

**ڕەهەندی سایکۆلۆجی کورسی:**

ئەوەی بالأدەستی بەرهەمهێنەر دەردەخاتو تێکستێك جیادەکاتەوە لەوانی دی بەخشینی ژیانە بەبێ گیانێكو دروستکردنی ڕەهەندێکی سایکۆلۆجیە کە سیفەتێکی تەواو ئینسانیەو سەد دەر سەد کورسی لەسروشتی بوونی خۆی دادەبڕێتو دەیگۆڕێتەوە شتێکی دی. فۆرمو واتایەکی دی پیٚدەبەخشێت کە زیاتر ئەو کاراکتەرانە پێی دەبەخشن کە پێیانەوە دەناسرێ. ئەمە جگە لەوەی لەناساندنی سەرەتای تێکستەکەدا ڕەهەندە سایکۆلۆجیەکان ئامادەبوونیان هەیە. ئەمەیە ئەو بەریەککەوتنەی وەرگر لەگەڵ تەکنیکێکدا کە ڕەنگە پەی پێبردنی هێند سانا نەبێت، لەگەڵ ئەوەی خودی شاعیر دەیەوێت لەمیانەی سادەییەکی فەنتازییەوە مامەڵە لەگەڵ وەرگردا بکات.

واتە ئەو کاتەی وەرگرێکی ئاسایی لێی رادەمێنێ دەتوانێ ڕەهەندەکان ببینێو کە وەرگرێکی ڕاڤەکەریش دەیەوێت بەنێویدا بگەڕێت ئەوەندەی فەزا بۆ گەڕان بنیان ناوە کە لەیەکەم خوێندنەوەدا هەموویان بەکۆ دوو شفرەکانیانەوە نەکرێنەوە.

**رەهەندی سایكۆلۆجی كورسی**




بەپێی ئەوانەی رابوورد، سیفەتەكانی ئینسان بوون لەم تێكستەدا بۆ كاراكتەری پاڵەوان (كورسی). گەلێك زاڵترن لەسیفەتەكانی بێگیانێك.

ئەو دەمەی ئینسان بوونەوەرێكی حیكایەتخوانەو بەپێی شوناسەكانی فەلسەفەی كلاسیكو سۆسیۆلۆجیا، ئەیچی بەحاڵی ئەم كورسیەی تەواوی ژیانی بۆتە فەزایەك بۆ گێڕانەوەی چیرۆكەكان. هەردەم سەرگەرمی هەڵكۆڵینە لەنێو یادەوەری خودی وەرگردا لەهەموو ساتەكانی بەركەوتنیدا. ئەوەیەك بەهەموو رابردوویەوە ئامادەیە، یادەوەرییەك بەزیندوویی پارێزگاری لەخۆی دەكاتو لانی كەمی یادەوەری وەرگرێكی تەمەن ناوەندیش دەخاتە بزاوت. هەموو ئەو كاراكتەرە وەسفكراوانەی ناو دەق كە دێنو تێپەڕ دەبن، یادەوەری وەرگر ناتوانێ هەروا بەسانایی فەرامۆشیانبكات. چونكە لانی كەمی خۆیو رابردووی بەوێنە زیندوەكانیەوە ئامادەیە. بۆیە بەبەردەوام لەزەینیدا وێنە پێك دێنو كاڵ دەبنەوەو تێپەڕدەبنو جێ بۆ یەكێكی تری نزیكتر لەدەروونەوە چۆڵ دەكەن.

شوناسی ئینسانیانەی كورسی بەتەنها كورسی حیكایەتخوان نییە، بەڵكو تەواوی ئەو كورسیانەی تریشە كە دەیانناسیو دەیانناسێنێ، ئیدی لەرێگەی گێڕانەوەكانەوە بێت، یان لەدیالۆگو گفتوگۆ لەگەڵیاندا. هەموو ساتێكی ناساندنی ئەوانیش بەخشینەوەی ئەو رەهەندانەیە كە بۆ هەر یەكەیان شوناسی كاراكتەرێكی زیندووە.


**كاراكتەرو خەسڵەتەكانی زەمەن:**

رەنگە پرسیاری زەمەن ئەنتۆلۆجیترین پرسیاری ئینسان بێت بۆ ناسینی ساتەكانی خۆی لەگەردووندا. ئەو پرسیارەی لای هایدگەر دەگۆڕێتە پرسیار لەماهیەتی زەمەنو ئیدی زەمانو كەینو نەدەبنە یەكو بوون خۆی دەبێتە زەمان.

ئەو كاتەی زەمەن بەپێكهاتە پێوانییەكانییەوە (رابردوو–ئێستا–داهاتوو) دەردەكەوێت بوونیش هەمان مامەڵە دەكات. كەواتە كاراكتەرێك بۆ ئەوەی لەنێو زەمەندا بەزیندوویی بمێنێتەوە دەبێت لەهەرسێ پێوانەكەدا بوونێكی ئەكتیڤی هەبێت.

کاراکتەری کورد هەموو کات ناتوانێ هەست بەو بوونە ئەکتیڤە بکات بەتایبەتی لەڕابردوودا بۆیە ناچار دەبێت خۆی لەکۆمەڵێك ئەفسانەوە دەئاڵێنێ تا لەو ڕابردووەدا لانی کەمی ئەکتیڤ بوون مسۆگەر بکات. هەمان ئەو گریمانە بەسەر کاراکتەری (کورسی)دا جێبەجێ دەبێت. کە دەیەوێت ڕابردووی خۆی بەو چیرۆکانە بڕازێنێتەوە کە جۆرێك لەئەفسانە یان شتێکیتر لەپیرۆزی بۆ خۆی مسۆگەر بکات ئەو لەدرەخت بوونیەوە لەپیرۆزی دەئاڵێ تا ساتی بوون بەکورسیو ئەو ئایندەیەش کە خۆی دەیخوازێ.

تۆکمەیی بنیاتنانی کاراکتەری کورسی لەدروستکردنی مێژووەوە دەست پێدەکات تا شوناسی لەئێستاداو خواستەکانی ئایندەشی، ئەو هێندە لەخۆبردووە دەبێت بەهێمایەکی قوربانی لەپێناو سبەینێی یەکێکی تردا، ئەمان ئەو حەتمەیەتەیە کە ئەو بەڕابردووی خۆیەوە گرێدەدا، ئەو کوڕی ئەو ڕابردووە بێت وەچەی ئەو پیرۆزییە بێت هەر دەبێت چاوەڕوانی بڕیاری وای لەسەر چارەنووسی خۆی لێبکرێت.




گەلێك جاریش وەك بوونەوەرێکی گریمان کراو لەو پێوانە زەمەنیانە دەربازی دەبێتو پێدەهاوێتە زەمەنێکی ترەوە، زەمەنێك هەروا بەئاسانی نادۆزرێتەوە، سەردەمێکی جیاوازو ساتێکی نەبینراوە. بوونە لەمیانەی عەدەمەوە، ئەو ساتەیە کە لەبەردەم هەڕەشەی فەوتاندا دەوەستێ، بەگژ بکوژەکاندا دەچێتەوە، سەردەمو زەمەنێکیتر بۆ خۆی دادەڕێژێتەوە کە ڕەنگە لەدەرەوەی پێشبینییە ساکارەکانی بێت. ئەمە ئەو دۆخەیە کە بوونێکی ئەکتیڤ بەکاراکتەرێك دەبەخشێ خۆی لەبنەڕەتدا بێ گیانو لەهاوکێشە ئاساییەکاندا چەق بەستوو و وەستاوو نەگۆڕە. ئەو کە پێی ناوەتە ناو دنیایەکی بزۆك دنیایەك لەچواردەوری

لەجوڵەو گۆڕاندایە ناچاری دەکات لەمیانەی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی رابردووەوە بەشێك لەو وەستاوییەی قەرەبوو بکاتەوە لەدۆخی چەق بەستوییە وە بۆ دۆخی جوڵە بگوێزرێتەوە. ئەمانە هەوڵەکانی کاراکتەری (کورسی)ن کە چیدی ناکرێت وەك ستایڵی کاراکتەرێکی پاڵەوانی ناو تێکستێکی درامی تەماشا نەکرێت.

**کاراکتەرو شوێن:**

ئیدی شوێن تەنها پانتاییەك نییە بۆ روداوەکان بەڵکو یەکێکە لەبنەما گرنگەکانی پێکهێنانی. رەگەزێکی ئەکتیڤی ستراکچەری تێکستەو بەشێکە لەئیستاتیکای پێك هاتن نەك بەتەنها لەڕووی فۆرمەوە بەڵکو گەڕانە بەشوێن رەوتی ئەو رەگەزانەی لەناو تێکستدا بەیەکدا دەچن. کەواتە دوو ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ لەلایەك بوونێکی هەست پێکراوەو سنووردارەو لەواقیعدا دەبینرێ کە دەشێت بەشوێنی حەقیقی ناوی بەرین، لەلایەکی ترەوە گریمان کراوەو ئەندێشە دەیخولقێنێ و زەینی وەرگریش لەگەڵ خۆی دەگوێزێتەوە. ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی لۆتمان بۆ پەیوەندی بەشوێنەوە دەستنیشانی دەکاتو بە(من–ئەو) ناوی دەبات ئەو دابەشبوونە وا دەکات هەموو ئەوانەی وابەستەی منن‌و لەهەرێمی مندا دەسوڕێنەوە دەبنە جێی سەرنجەو بەشێك لەبایەخم داگیر دەکەن، بەڵام ئەوەی لەدەرەوەی منەو وابەستەی ئەو یان ئەوی‌ترەو لەهەرێمی ئەواندا دێتو دەچێت ئەوا سەرنجم ناباتو رەنگە بکەوێتە خانەی فەرامۆشیەوە.

پاشتر دەچینە بەردەم هاوکێشەیەکی لۆژیکی کە (گشت/ئەوی‌تر، تایبەت/من) دروستی دەکەن‌و لێرەوە پابەندبوونی پاڵەوانی گریمان کراو لەگەڵ شوێنەکاندا دەستنیشان دەکرێن.

گەر لەشوێنی بوون لەئێستادا بڕوانین دەبینی شوێنی حەقیقییە، بەڵام تایبەتمەندی گشتی پێوە دیارەو نابێتە شوێنی فێنکی تایبەت هاوکات لەهەرێمی منیشدا دەسوڕێتەوە وەك ئەوەی ژینگەی بوونێکە دروست کراو کەواتە گەڕان بەشوێن شوێنی گریمان کراودا دەکەوێتە ناو زەمەنێکی‌تر کە رابردووە، لە(کورسی)دا زۆرینەی شوێنەکان حەقیقین لەگەڵ ئەوەی کەمێك لەتەمی ئەندێشەوە دەئاڵێن کە ئەوەیان سەپێنراوی فەزاو زمانی شیعرە، بەڵام بۆ ساتی رووداو هەموو دەبنەوە بەشوێنی حەقیقی‌و وەرگر دەتوانێ وەك وێنەیەك لەناو واقیعدا بیانبینێت، کەواتە بۆی دەبێتە شوێنی تایبەتو لەسنووری هەرێمەکەیدایە ئەوکاتەش ناتوانێ فەرامۆشی بکاتو بیەوێت یان نا بەهەموو یادەوەرییەکانیەوە لەزەینیدا ئامادە دەبنەوە.


کاراکتەری (کورسی) لەگەڵ شوێندا بەبەردەوام پەیوەندییەکانی دەگۆڕێت ئەو بەدرێژایی گێڕانەوە لەشوێنێکی حەقیقی‌دا وەستاوەو لەنێو حیکایەتەکاندا بەبەردەوام دەجولێ. ئەو لەڕابردوودا واتە لەشوێنە ئەندێشەییەکان کە بەبەردەوام لەزەینی وەرگرانی یەکەم (کورسییەکانی چاپخانە) وەرگرانی دووەم (خوێنەری تێکست) دروست دەبن‌و تێك دەچنەوە لەبزاوتدایە لەدارستانەوە بۆ لای خاوەندی دارتاش‌و پاشان کاروانی ژیانی کورسی بوونی تا دەگاتەوە نێو چاپخانەکە، لەهەموو ئەوانەدا بەبەردەوام لەگەڵ شوێنەکان پەیوەندی دروست دەکاتو هەڵدەوەشێتەوە، ئەو لەبوونێکی سەپێنراودا دەژی نەك خوازراو، کە رۆژێك خۆی شوێن هەڵبژێرێت سەدان رۆژی‌تر بەسەریدا دەسەپێ، ئەو توانای گواستنەوەی شوێنە یەکێکە لەو باڵادەستیانەی بۆ (شێرکۆ بێکەس) ئەژمارد دەکرێت کە شوێنی ئەندێشەکراوو گریمان کراو دەگۆڕێتە شوێنی حەقیقی‌و پێچەوانەکەشی هەر راستە. ئەو گەلێك شوێنی سادەی حەقیقی بەتەمی ئەفسانەیی دەوردەداتو وەرگرتووشی شۆك دەکاتو ناچاری دەکات بەتواناو هەستەکانی خۆیدا بچێتەوە، لەڕاستیدا کەمن ئەو شاعیرانەی دەتوانن ئەم یارییە شیرینە لەگەڵ وەرگر بکەن‌و بەبەردەوام وای لێبکەن گومان لەتوانای بینین‌و وەسفکردنی خۆی بکات، هاوکات ناچاری بەردەوام بوونی لەگەڵ ئەو تێکستە بکات کە هێشتا نهێنی ماوەو دەیەوێت بیدرکێنێ و دەبێت بەدیارییەوە بمێنێتەوە.

**ئەندازەی ناوەکی کاراکتەر:**

بونیادی ناوەکی کاراکتەر بەپێی خەسڵەتی بوونیان دەگۆڕێن، لەکورسیدا دەکەوێتە بەردەم دوو جۆر کاراکتەری جیاواز ئەوانەی بەر لەدروستبوونی تێکستەکە هەن واتە ئەو کاراکتەرانەی لەژیاندان‌و دواتر دەبنەوە بەشێك لەتێکست هاوکات ئەو کاراکتەرانەی تێکست دەیانخولقێنێ و بەر لەهەموویان کورسی حیکایەتخوان.

کاراکتەر بۆ جیابوونەوە لە(کۆ) پێویستی بەلەبەرکردنی بەرگێکی جیاواز هەیە دەبێت لەفەزایەکی جودادا بخولقیٚ‌و بڕسکیٚ‌و گەشە بکات گەر نا ناشێت ببێتە کاراکتەری پاڵەوان. ئەو کاتێك فاکتەرەکانی جیابوونەوەی دەست ناکەویٚ شقڵەکانی پاڵەوان بوون لەدەست دەدات. کەواتە کاراکتەری بەر لەتێکست خولقاو گەر لەخودی خۆیاندا ئەو سیمایانەیان هەڵنەگرتبیٚ تێکست پێیان دەبەخشیٚ‌و ئەوانەشی تێکست خۆی خولقێنەریانە بەهەمان شێوە. چونکە لەبنەڕەتدا کاراکتەر دەبێتە رۆحی تێکست‌و بەشێکی گەورەی تێکستەکان بەپاڵەوانەکانیانەوە دەناسرێنەوە، رەنگە ئەو پێودانگە گەلێك زیاتر لەکلاسیکدا جێی بێتەوە بەلاٚم هێشتاو لەم سەردەمەشدا ئەرزشی خۆی ون نەکردووە. گەر شوناسی ئەرستۆ بۆ کاراکتەر مۆراڵی تێکست بێت، بەدڵنیایی لەهەموو ئەگەرو گریمانەکانی دوا خۆی مامەڵە لەگەڵ هەمان ئەو گریمانەدا کراوە کە ئەو دایڕشتوە. بۆیە لەهەر سەردەمێکدا دەست بۆ فەرهەنگەکانی ناساندنی کاراکتەر بەرین دەتوانین بەو پێناسەیەی ئەرستۆدا بچینەوەو لەوێوە هەنجەتی پشکنینی ناوەوەی کاراکتەرەکان بەدەست بهێنین.

کاتێك ئەرستۆ پێی وا بێت شێوازی بونیادی کاراکتەر لەتێکستدا وەك کاری ئەو پەیکەرسازە وایە کە پەیکەری مرۆڤەکان دروست دەکاتەوە. کەواتە ئەو گریمانە راست دەردەچێت کە بڵێین (شێرکۆ بێکەس) خولقێنەری کورسییەو خودی خۆی ئەو خواوەندە دارتاشەیە کە کورسی لەیادەوەری خۆیدا هەڵیگرتووە. هەنگاوی گەورەتر بەخشینی ئەو ئەندازە ناوەکیەیە کە کاراکتەری کورسی لەهەناویدا جێگیری کردووە. ئەو رستەی کە لەبەرامبەر مرۆڤەکان رای دەگرێت‌و سیفەتەکانی ئەوانی پیٚ‌دەبەخشێت‌و لەتان پۆی نێوان رەش‌و سپیدا جێی دەکاتەوەو ئەوەندەی شت پیٚ زیاد دەکات کە لەتواناکانی خواوەندی دارتاش بترازیٚ‌و مومارەسەی دەسەلاٚتێکی گەورەترو رەهاتر بکات.




پێدەچێت هەموو ئەو ریزبەندی‌و مامەلاٚنەی لەم نووسینەدان گەلێك ساکار بێنە بەرچاوو بەوەش تۆمەتبار بکرێن کە هەر لەڕواڵەتی تێکستدا ماونەتەوەو بەرەو قولاٚیی نەکەوتوونەتەڕیٚ. وەلیٚ ئەوەی ئەم تێکستە لەوانی دی جیادەکاتەوە ئەوەیە لەهەر شوێنێکیدا رەخنە لەنگەر بگریٚ بەشی ئەوەندەی دەست دەکەوێت چۆن بیەوێت قسەی لەسەر بکات رەنگە ئەو ساکارییەی دەق کە سیفەتی کرانەوەیەتی بەرەو رووی وەرگر لەهەموو سەردەمەکان‌و لەسەر هەموو ئاستەکان ئەم دۆخەی خولقاندبیٚ.

(کورسی) ئەوەندەی تەکنیك داوەت کردووە بۆ تۆکمەکردنی خۆی کە لەهەموو دەرگاکانەوە بوارت دەداتیٚ تێپەڕی. لەم هەوڵەدا لەپەنجەرەیەکی رۆشنی کاراکتەرەوە هەندێك کورتە بۆچوونمان گەلاٚڵە کردو لەوەش دڵنیان پرسیاری گەلێك گەورەترو قوڵتر ماون‌و پێویستیان بەلەسەر وتنی زیاترە. ئیدی تێکستی والاٚ خۆی شوناسی کورسییەو هەموو روانینەکانیش لەو ناسنامەیەوە سەرچاوە دەگرن.